رۆژنامەنووسێکی ئاژانسی هەواڵی عێراق لە بەغدا کوژرا

رۆژنامەنووسی ئاژانسی هەواڵی عێراق، لەیس محەممەد لە ناوچەی عەرەسات لە بەغداد دوای شەڕ و پێکدادان لەگەڵ دراوسێیەکی کوژرا.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس لەیس محەممەد، ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردوەتەوەو ئاماژەی بەوەداوە، کە ڕووداوەکە کوشتن نەبووە بەڵکو بەهۆی دەمەقاڵێیەکەوە بووە کە لەنێوان ڕۆژنامەنووسی قوربانی (لەیس محەممەد ڕەزا) و دراوسێکانی ڕوویداوە.

هاتووشە، لەئێستادا فەرماندەیی پۆلیسی ڕەسافا ئۆپەراسیۆنێکی گەڕان بۆ دەستگیرکردنی تاوانبارەکە بەڕێوە دەبات کە لەئێستادا هەڵاتووە.